# لەبیرکردنی هەندێ تاوانی سەددام

**خەتاب سابیر**
khatabs@hotmail.com

ئەو تاوانانەی کە دراونەتە پاڵ سەرانی ڕژێمی بەعس بەگشتی و خودی دیکتاتۆر بەتایبەتی ، دوو تاوانی گەورەی تیا تۆمارنەکراون کە دەرکردنی کوردەکانی کەرکوک وخانەقین وشەنگارو ....هتد ، هەروەها دەرکردنی سەدان هەزار کوردی فەیلی.. سیاسەتی تەعریب و تەرحیل و تەهجیرو تەبعیس ،گڵاوترین و قێزەونترین سیاسەتە کە حکومەتی بەعس گرتوویەتە بەر دژ بەگەلی کوردستان و بزوتنەوە سیاسییەکەی. ئەگەر کێشەی کەرکوکمان نەبوایەو کەرکوکی پێ ڕەوا ببینیایە ،زۆر لەمێژبوو سەرۆکی پێشووی پارتی دیموکراتی کوردستان مستەفا بارزانی کۆتایی بە شەڕدەهێناو هیچ گرفتێکی ئەوتۆمان نابوو بۆ پێکەوەژیان لەگەڵ ڕژێمی بەعسدا ، هیچ بەڵایەکی لەچەشنی دەرکردنی کوردە فەیلییەکان و داگرتنی دێهاتەکانی سنوورو ئەنفالکردنی بارزانییەکان و ژارباران و ڕوخاندنی نزیکەی 5000 گوندو ئەنفالکردنی نزیکەی 200000 کورد ....هتد هیچیان ڕوویان نەئەدا.

ئەگەر گەلی کورد بەمشوری خۆیەوە دابنیشتایەو داوای کەرکوک و ناوچەکانی تری نەکردایە، لە حەفتاکانەوە شۆڕش لەکوردستاندا نەدەماو لای کەم دەمێک بوو خاوەنی ئەم جۆرە دەسەڵاتەش دەبووین کە ئێستا سەروبنی زمانی سەرکردایەتی سیاسیی کوردەو بەکاڵی و بەکوڵاوی دەیداتەوە بەچاوی گەلی کوردا. لە کاتێکدا سەرلەنوێ تەواوی ئەو تاوانانەی کە سەددام دژی کورد کردوویەتی دەهێنرێنەوە سەرشانۆو سەدان ملیۆن خەڵک لەیەک کاتدا دەیبینن .... چەند گرنگە بۆ ڕای گشتی جیهانیی کە بە هەموو ئازارو مەینەتییەکانی کوردی کوردستانی باشوور ئاشنا دەبێت ،بەڵام لە کاتی ڕیزکردنی تاوانەکاندا لە دادگاییکردنی سەددامدا , یەکێک لەسەرەکیترین فاکتەرەکانی ئەم هەموو مەینەتیی و بەڵایەی کورد باسێکی لێ ناکرێ .

قسەیەک لە دەرکردنی دەیان هەزار خێزانی کورد و داگیرکردنی ماڵ و سامانیان لەکەرکوک ،هێنانی هەزاران ماڵە عەرەبی بەعسی و بەکرێگیراو ،سیاسەتی ئیغتیسابکردنی شارێک و سڕینەوەی لە سەر نەخشە ناکرێت .حەقیرانەترین سیاسەتی دژی ئینسانیی کە تەعریب و تەبعیسی زۆرەملێیە بە شێوەی خاڵی سەرەکی بەسەریش ناکرێتەوە. دەکرێ کەرکوک و فەیلییەکان لەیەک پلاتفۆرمی کۆنکرێتیدا دابڕێژرێ و بکرێن بەیەک خاڵ و بەشێوەیەکی فەرمی بۆ لیستی ئەو تاوانانەی کە دراونەتە پاڵ سەددام زیادبکرێ ، کوردستانیی بوونی کەرکوک بە تەواوی ڕای گشتی جیهانی دەسەلمێندراو مستێکی ددان شکێنی گەورەش بوو لە قەپۆسی شۆڤێنیزمی تورک و عەرەب کە ڕێگرن لەبەردەم پرۆسەی دەرکردنی تەعریبکارەکان و گەڕاندنەوەی ئاوارە کوردەکان و کوردستانیی بوونی کەرکوکدا. لەهەمان کاتیشدا ئیحراجییەکی گەورە بوو بۆ ئەمریکاو ئینگلیستان کە چەند دوو ڕوویانە هەڵسوکەوتیان لەگەڵ ئەم کێشەیەدا کردووە.

بەڵێ دەکرا زیادکردنی ئەم خاڵە بەشێوەیەکی فەرمی بکرایەتە سەرەکیترین هۆکار بۆ گشت خاڵەکانی تر نەک بە لابەلایی و لە دوو توێی تاوانەکانی تردا ئاماژەیەکی شەرمنانەی پێ بدرێ و بەهاو نرخە سیاسییەکەی کەم بکرێتەوە. ئەم کەمتەرخەمی و خەمساردییە لە ئەستۆی تەواوی گەلی کوردەو ، هیچ کەسێک بەهیچ بیانوویەکەوە ناتوانێ خۆی لێ بدزێتەوە. گومانی تێدا نییە کە سەرکردایەتی سیاسی

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

کورد و یاساناسان و پارێزەرانی کوردو گشت حیزبە سیاسییەکانی کوردستان وئەکادیمستان و ڕۆشنبیرانی کورد گەورەترین بەشیان لەم خەمساردییە بەردەکەوێ ، بەڵام هێشتا نەچووە بچێ و درەنگ نییە بۆ کارکردن بەم ئاقارەدا.

من پێم وایە دەکرێ گەورەترین خزمەت لەڕووی سیاسی و دیبلۆماتییەوە بەو کۆنسێپتە بکرێ کە کەرکوک گەورەترین کێشەی کوردەو دەیان ساڵە کورد قوربانیی بۆ کەرکوک دەدات و بارزانی لە 74 و یەکێتی لە 84 دا، سەرەڕای ئەوەی گفتوگۆیان لە ژوورە داخراوەکاندا دەکرد لە گەڵ بەعسدا، نەیانتوانی و نەیانویست واز لە کەرکوک یان لای کەم داخوازییە جەماوەرییەکانی کوردەکانی کەرکوک بێنن. ئایا بەکام پێوەری سیاسی و مرۆیی ئێستا پاش ئەو هەموو کارەسات و قوربانییە ، دەکرێ فەیلییەکان و کەرکوک و کێشەی تەعریب و ڕاگواستن و جینۆسایدێکی چەند دەیەیی ئاوا لەبیر بکرێ ونەخرێتە نێوبەندی ئەو خاڵانەی ڕووبەڕووی سەددام دەکرێنەوە.

بەزیادکردنی ئەم خاڵە سەرەکییە بۆ ڕیزبەندی خاڵەکانی تر کە سەددامی پێ تاوانبار کراوە ، بەهەموو دنیا پیشان دەدرێ کەزۆربەی ئەو شەڕوشۆڕانەی کە بەسەر کورددا سەپێنراوە لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە ، سەرچاوەکەی بۆ ئەو ستەمە دەگەڕێتەوە کە ڕژێمی بەعس و پێشتریش ڕژێمە ناسیۆنالیستەکانی تر ،ویستوویانە لە چوارچێوەی جینۆسایدێکی شێنەیی و لە ڕۆژگاری شەڕی ساردda ، زۆر شۆڤێنیزمانە کەرکوک هەڵلوشن و جەبەروتی باڵادەستی خۆیان بەهەموو شێوەیەک بەکارهێناوەو تا ڕادەیەکیش سەرکەوتووبوونە لەو بوارەدا کە جێ دەستیان بەئاشکرا لە تەعریبکردنی کەرکوکدا دەردەکەوێ. هەر لێرەشەوە بە هەموو دنیا پیشان دەدرێ کە سەددام و ڕژێمەکەی دوژمنی سەرسەختی کورد و داخوازییە سیاسییەکانی بووەو زۆربەی تاوانەکانی لەکوردستاندا پەیڕەوکردووە. لێرەوە دەکرێ کێشەی کورد لە کێشەیەکی عاتیفییەوە بکرێ بە کێشەیەکی سیاسیی و کوردستانیی بوونی کەرکوکیش زامنتر دەکرێ و بەهای سیاسیی ئەو ستەمە چەندین ساڵەیەی سەر کوردیش بە شێوەیەکی باشتر دەچنرێتەوە.تەنها بە کەرکوکیشەوە دەتوانین خۆمان ئاسوودە بکەین کە مێژوو لێمان نەپێچێتەوە.

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com